# ڕەشتاڵەکە

**هۆشیاری عەبدولعەزیز**
hoshyarebdelaziz@yahoo.com



## پەیکەرە بەرد

هەشت ساڵ دوای ئەو ئێوارەیەی کە نازەنینی خوشکی جلی بووکێنییەکەی لە بوخچەکەوە فڕێدا.گەیشتە شیوەکەی پشتەوەی ماڵیان.بیرەوەرییەکان هەژموونیان هێناو فرمێسکیش قوڕگی گرتبوو، هێندەی نەبرد هەنسکی جەستەی هێنایە لەرزین ودڵی کەوتەلێدان، دەنگی نازەنین رایچەڵەکاندو هۆشی لە بەر برِی چاوەکانیشی ماندوو شەکەت هەڵدەهاتن ودەنیشتنە سەر یەك،چەند رۆژێکی تر کە گەڕامەوە کارژۆڵەیەکت بۆ دێنمەوە پێکەوە دەچینە سەر کانیاوەکەو جوان جوان دەیشۆیین. پاش چەند چرکەیەك لە بێدەگی ومت بوون هاتەوە سەر خۆی، ئێرە ئەو شوێنەیە کە نازەنین بوخچەی جلی بوکێنییەکەی تێفرێداو ئیتر نەگەڕایەوە ، بێئاگا لە ڕێو رۆیشتن گلۆر بویەوە بۆ شیوەکەو بن بەرد بەبن بەردو گاشەو گاش دەگەڕاو هەر پارچە کراسێکی دەبینی پەلاماری دەدا.بەڵکو ئەمە جلەکانی ئەو بێ. نا.ڕەنگە ئەو پارچە ئاڵاوالآیەی کە دیارە خۆیی بێ . خۆیی نییە ، ئەوی ترە ، ئەویش نییە ، تا درەنگانێ هات وچوو، لەو رۆژەوەی ئەو لێرە بزرە چڵەدارو تاشەبەردەکانیش بڕوایان بە هیچ نەماوە،سەیرە!! ئێستا من لە شوێنەهەواری خێزانێکی بێسەرو شوێن ماوم، بێدەنگ بوو،کەمێك لە خۆیی روانی، بەراستی ژیان کەندوکۆسپێکی رەزە گرانە ، ئەمە دوا وشەو ورتە بوو ، بە چیچکانەوە بۆکڕوزی جەستەی لە گەل چڕە دووکەلی ئاگرەکەی بەردەمیدا تێکەڵ بوو . بەدەم هەنسك وگریان وچەمانەوەوە هاواری دەکرد...ئا..ئا لێرە هەر لێرە پەیکەری بۆ هەڵدەواسم ، پەیکەری بۆ هەڵدەواسم...پ..ە..ی..ك..ە..ر..ی...ب..ۆ..ه..ە..ڵ..د..ە..و..ا..س..م...

## ڕەشتاڵەکە

ئەو بەیانیەی کە خستیانە ناو کاموێنی سەربازەکانەوە ، لە دایکی بیست کە ڕەنگە ئەمە دواینجاربێت دەست بە شان باهۆیدابێنێ وپرچی شانەکات ، پەلڕاکێشان و زایەڵەو هاواریی ژنەلەمندالْ بڕاووکە کلآفەی خۆخواردنەوەی ئەمی توونـدترکردو وایی بەبیرداهات ئەمە قەدەرە و پێدەچێ هەر لە عەزەڵەوە پێوەی بەسترابن ، ژنەکە وەك مامزێکی کارژۆڵە جێماو دەینالآندو دەگریا ودەنگی لە لووری ڕەشەبایەکی پایزە دەچوو لە بەردەستی سەربازە رەشتاڵەکاندا ، ئاخر پێش ئەوەی کچەکەی وکوڕە بچکۆکەکەی لە گەڵ ئەمدا بخەنە کاموێنە سەربازیەکەوەو لەوی دابڕن ، پێی وتبوون ڕۆڵەکانم مەترسن تا ئەو رۆژەی خۆری رووحم ئاوادەبێ دەستم لە نێوودەستانەو بێ ئێوە سەفەر ناکەم ، ئەو لەم قسانەی هێندە نامۆو شێواو دیار بوو دەتوت دەزانێ شتێك دەقەومێ و گۆماوەکە دەشڵەقێ ، زۆرجاریش ڕووی دەمی دەکردە ئەمان و دەیوت ، دەترسم لەوەی تادەگەڕێمەوە مریشکە کڕکەوتۆکەی

ژێر شوقەلەتەکە لە تینواندا کوێربێ ، دەستم شکێ بێژە بۆ لە قوتولکەیەکدا هەنێ ئاوم دانەنا ، وڕینەو قسەکانی ئەو و گریان و زریکەی کۆرپە شیرە خۆرەکەی نازە و دایە دایەی کچە بچووکەکەی تری وەك زرینگەی دەنگی دەفەکەی باپیری لە کەلە سەریدا هاژەی دەهات و زیکری دەکرد، پیرە ژنەکەی تەنیشتیشی جارناجارێك دەستێکی بە قاچەکانیدا دەهێنا ولە ژێر لێوەوە دەیوت : نازانم بۆ ئەوەندە دەیەشێی ، ڕەنگە هی ئەوە بێت ڕۆژی ئافاتەکە زۆر لە سەریان ڕۆیشتم ، زرمەی کێبڵی سەربازەکە کە بەدەرگای کامۆێنەکەیدا کێشا لە شوێنی خۆی ڕایچەڵەکاندو وترس کەوتە لەشی ، ڕەنگیشی وەك کاراب زەرد هەڵگەڕا وفرمێسك دازاییە چاوەکانی ، بیری لایی ئەوەبوو گەر ئەمان بە تەواوی تیاچوون کێ هەیە ئەدرەسی لم بزانێ و بۆ ڕۆژێك بێتەوە سەریان ، یان ، ڕێی بکەوێتە دەشتاییە قاقڕەکە ولە شوێنی ئەمان  وەك مندالە لاسارێکی ئاوایی خۆڵە پەتانی بکاتە جێگەمەو لە پڕ تەزبیحە سەد ویەك دەنکەکەی داپیری بێتە دەستێوە ، کە نەرمێنەی چاوەکانی هەلبڕی لە بەر پێی سەربازێکی پۆستاڵ لە پێی ڕەشتالەدا کەوتووەو تەماشای ڕوومەتی پەژمووردەی دەکات ، لە حەژمەتان زمانی گیراو بێدەنگ بوو بەلام دەستێکی جولاند وپەنجەیەکی بە سەر گرمۆڵە لمە سووربباوەکەدا هێنا و بە هێمایەك ئاماژەی بەوە کرد ، پەرژین ئیتر چاوەڕێی من ومندالەکانت مەکە ، نازە تۆش شیری گۆیی مەمکەکانت دادۆشەو کەس مەلاوێنە ، ئێمە تەواو ............ ناگەرێینەوە ...

## مەلە شینکە

پێش ئەوەی ئاوڕێکی پشتێرەکەی حەوشەی پشتەوەیان بدات ، توند چاوەکانی نووقاند وبەدووکەڵی جگەرەکەی لوولەی قوڕگی قانگدا ولە گەڵ مژینی دووکەڵەکە هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو مقی کرد ، قسەکەی بەر لە بزربوونی دایکی ڕایچەڵەکاند ، ڕۆڵە دەخیلتبم وائێمە دەڕۆیین بیرت نەچێ کە گەڕایتەوە کارژۆڵەکان لە پشتێرەکەدان نەکا کەسمان نەگەڕێینەوە چۆڕێك ئاوو کەمێك دانیان بدەێ وچاوت لێیان بێت ، دنیاکە زاوومەرگە ، ئەمە دوایین قسەبوو بەر زەینی بیستنی کەوت وچیتر کەسیانی نەدیەوە ، سرنجێکی پشتێرەکەی دا وتەماشایەکی دەرگا چیخیەکەی کرد ، تکی بارانەکە سەری پێ بەرزکردەوە، ئاسمان وەك کۆسی کەوتبێ و چیتر بە خۆیدا نەیەتەوە ڕەشداگەڕابوو، بارانەکەش وەك ڕێژنەی گوللە هەلەکە سەمایی بە خۆڵی هەلڕێژراوی کۆلانەکە دەکرد ودەیتلیسانەوە ، کە بەخۆ هاتەوە تەنها فلتەری جگەرەکە لەنێوان پەنجەکانیدا مابووەوەو هیچی تر ، تەکانێکی بە قاچەکانی دا و زۆر بەپەلە جگەرەیەکی تریی دەمدا و بەسەر زیخەلانەکەی ئەوبەردا سەرکەوت و نەگەڕایەوە ، لەو کاتەی کە هەنگاوەکانی خێراتر کرد خۆیی بە مەلە شینکەیەکی کۆچەری دەهاتە بەرچاوو کە بەدەم شکانی شابالێکیەوە لەوها ئێوارەیەکی درەنگ وەختدا و بە قیشکەیەك سەری خۆیی هەڵدەگرێ وچیتر ناگەڕێتەوە ....

## خەون

لە قیر سیچمەیی و کەلە ڕەقی خۆیدا و وەك شتێکی ونکردبێ سەری بە خانوە چۆڵەکەدا کرد. پەیژەیەك لە ئێسك وپروسك چنرابوو. لەبینینی واقی وڕما. کە ئاوڕی دایەوە ئاوێنە شڕەکەی

ژوورەکەش بەتاڵ تاڵی پرچی کچێك کون کون کراوە. لەوەلاتریشەوە لاقەکانی تەرمێکی نەناسراوو بەرووتی بە ئەرزی ژورەکەدا دەخشێ. بە بینینی ئێسك وپروسك وپرچە لە ئاوێنە چێ کراووتەرمە نەناسراوەکە. جەستەی گرژبوو سەدمەگرتی. هێدی هێدی چاوەکانی کەوتنە کزیی وخاو بوونەوە و ترپەی دڵیشی لە کەللە سەریدا چەشنی دەهۆڵ گرمەی دەهات . پاش کەمێك هاتەوە سەر خۆی ودەستێکی بە سەروسیمایدا هێناو بە هێواشیەك دای گرتەوە. دیسانەوە بۆ چەند چرکەیك پێڵوەکانی لەسەر یەك نا. بەڵکە خەون بێت، دەبێ ئەمە چی بێت کەوا لە خانوە رزیۆیکی ئاوادا. ئەم ئەتکەیان بە مرۆڤ. نازانم ناوچی لێ بنێم. کردبێ و.. بێ وردبونەوە لە خۆی بورایەوە وچیتر نە دەرگاو ئاوێنەو پەیژەی نەدیتەوە...

## بۆن

بۆ ماوەیەك دووش داماو گۆشتی پەراوێزی چاوە دەرپۆقیوەکانی لە سەروردەماسەیەکان نەپروکاند ، ئای چەند وردو جوانن دەڵێی مروارین ولەبن ئاودا دەدرەوشێنەوە، لە سەر گابەردەکە دابەزی... کەمێ راماو ئەوجار مورگەی راستای پشتی ئەم لاو ئەولا پێ کرد وباوێشکێکی بەخودا و هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی ، هەر چی ماسەیەکانیش بوو کەم کەم دەرەوینەوە وجارێکی دیی بەدەم شەپۆلەکانی رووبارەکەوە بەیەکدا دەهاتن ویەکیان دەگرتەوە.. کەم کەم لاقەکانی توندکردەوە وکەوتە رێ ، بەدەم رێ کردنەوە دانەویەوە وچەندی لە دەست هات مشتێ لە لم وچەوی قەراخ ئاوەکەی لە لێوەکانی نزیك کردنەوە وبەهەموو هەستی خۆیەوە بۆنی پێوەکرد..تامت چییە ..؟ داخۆ دەبێ ئەمە بۆنی چی بێ بۆن.. بۆن..رەنگە بۆنی...؟

## پیرەکە

پیرەمێردەکە هێندە تەرمی هاوتەمەنی خۆی ناشتبوو تەواوی گۆڕستانی لێ ببوە پیرە تەرم. تاو ناتاوێکیش بەدەم نەفرەت وجنێودانەوە کاوێژی بیرەوەریەکانی دەکردەوە، تۆ کەهاتیە ئێرە کوڕە لاوێك بووی بۆ بەپیری سەردەنێتەوە.  دەتەوێ کێ وڵام بداتەوە ولە کەف چڕینت رزگارکات. ئاخر تۆ نازانی هۆکاری پیربوون و هەڵوەشانەوەت چییە لەم قاقڕی تەرمستانەدا. کە هەر کەسی پێدا تێپەڕیوە جگە لە داهزران چیدی وەدەست نەهاتوە ونەیتوانیوە سەرکەوێ بەسەر کەندو کۆسپەکانی سەر رێی ژیانیدا، بەردی بەردەقانیەی مندالەکە ڕایچەڵەکاندوو وەرچەرخا، بینی تەرمی خۆیی لە سەر دەستی کۆپیاوەکەیە و خەریکە دەینێژن .....

## کتێب

بە ئەسپایەك هەستاو خۆی گەیاندە بەردەم کتێبخانەکەی...ئای چەند قەیزەوەنە مرۆڤ لە ژورێکی ئاوا بێچاوو ڕوودا هەڵسوکەوت کات...چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون ، هەمیشە خەواڵویانە خۆیان دەنواند.. ئەمرۆکەش وەك رۆژانی دیی دەستی بەرزکردەوە بۆ کتێبەکەی ژوور سەری ودایگرت.. لاپەڕەیەکی هەڵدایەوە...لە دێرێك زیاتری نەبینی کە نووسرابوو..دیموکراسی لە وڵاتی شەڕدا، کتێبەکەی داگرتەوەو مژمۆر بوو. تفێکی بە لاسەری خۆیدا کرد و لێی ڕاکشا...